

سابات

## کات ژمێر چەندی تەنیایە

نازانم دووبارە کات ژمێر چەندی تەنیایەو لە چرکەی چەندی بێ تۆی لێ دەدات خۆت ئەزانی هەمیشە بێ تۆی ژمارە نازانی و لە کات ژمێری سفرە یەخەم دەگرێت ..زۆر جار لەبەر خۆمەوە پێ دەلێم کاتێک دێت زەنگی بۆ ناخە جەنجالەکەم لێ بدە ئەوسا تەشریف بێهنە تا هەر هیچ نەبێت فریای ئامادە کردنی کوپێ قاوە بکەوم هێدی هێدی لەگەڵ چرەکە ساتەکانی بی تۆی و میوانە هەمیشەکەم تەنهای نۆشی بکەم.....
ئای لە منی غەرێب و لە تۆی هەمیشە دەم بەخەندە
چۆن بتوانم خەمەکانی خۆم و خۆشیە بەردەوامەکانی تۆ
لە یەک دێرا بهۆنمەوە ..؟ چۆن بتوانم ددانی پیابنێم کە تۆ لە دووری من ئامێزدەکەیت بە هەموو شادیەکان و منیش لێرەوە قژی خەم شانەدەکەم
چۆن بتوانم قا قایەکانی تۆ و فرمێسکەکانی خۆم لە پێکێکا بنۆشم
دەسمالی سور و سپی لە یەخەی خەمەکانم بدەم بلێم ئیتر چاوەروانی تەواو....
ئیتر بۆ هەمیشە تەنیای لە کات ژمێری سفر سەرناکات بە مالی دڵـە بچکۆلەنەکەم
چی بکەم چی لەو خەیاڵــە سەر شێتانە بکەم کە بە تۆ وە گرێم دەدات..
کاتێک دەمەوێت هانا بۆ تۆ بێنم و بلیم ..پێویستم پێتە دەمەوێت هەرهیج نەبێت تەنها بۆ جارێک لای خۆمەوە بیت ...بەلام کە سەیر دەکەم تۆ دەمێکە پشتت لە من کردووە و من تاک و تەنها بەدیارە سێبەرە دوورەکەی تۆ دانیشتوم خەیال دەکەم کە تۆ لێرەیت بەلێ لێرەیت و کە هەمیشەش تۆ نیت ...بەلێ تۆ نیت
بۆت دەنووسم بەلام تا ئێستا جورئەت ناکەم نامەکانمت بۆ بنێرم
ئەوش دەکەمە سەر نامە بێ شومارەکانی تر دەزانم دوای مردن هەموو نامەکانم پێت دەگات ئەوسا دەزانی کە تۆ چەندە لەو دڵــەوە نزیک بوویت و بەڵام.......

**ســابــات**